21 ئەفسەر و ئەندامی پۆلیس لە خەپیشاندانەکانی ناوەندی زیقار لە باشووری عێراق بریندار بوون

بەوبۆرایەتی پۆلیسی پارێزگای زیقار لە باشووری عێراق ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، کە 21 ئەفسەر و ئەندامی پۆلیس لە خەپیشاندانەکانی ناوەندی شاری زیقار کە ڕۆژی هەینی بەڕۆچوو بریندار بوون.

پۆلیس لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "بە هیچ کەسێک نەهێنی نییە کە دەستووری عێراق مافی خەپیشاندانی ئاشتیانەی مسۆگەر کردووە، ئەرکی هێزە ئەمنییەکانە کار بکەن بە پاراستنی خەپیشاندەران و ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام بە ئەوان بە جێبەجێکردنی مافەکانیان بە داواکردنی مافە ڕەواکان".

لە بەیاننامەکەی پۆلیسی شاری ناسریە، ناوەندی پارێزگای زیقار هاتووە، "کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی خەپیشاندانێک لە شاری ناسریە ئەنجامدرا و فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگای زیقار بەپێی ئەرکەکانی دەستیکرد بە پاراستنی تەواوی خەپیشاندەران، بەڵام هەندێک لە ئاژاوەگێڕان هێرشیان کردەسەر ئەو هێزەی کە ئەرکی پاراستنی خەپیشاندانەکەی پێ سپێردرابوو و لە کاتی خەپیشاندانەکەدا 3 فەرماندە و 19 ئەفسەر بریندار بوون کە بە چارەسەر گوازراونەتەوە بە نەخۆشخانە لەکاتی خەپیشاندانەکەدا کە کاتژمێر شەشی ئێوارە کۆتایی پێهات".